لێکۆڵینەوە

«بەهات قەرەداخی»

# «پێچکەی دەروونی» و «وێنەی هونەری» لە «تەنیایی»دا

« بەشی یەکەم »

ڕاستە کاری هونەریو ئەدەبی ئەرکێکی زۆریان لەئەستۆدایە چ بەرامبەر بە کۆمەڵ ، چ بەرامبەر بە مێژووو شارستانیەتو بەرامبەر بە جوانکاریی بەرهەمەکە خۆیشی . بەڵام لێرەدا دەمانەوێ ئەوە بڵێین کە لە سەروو هەموو ئەم ئەرکانەوە ، ئەرکێکی پیرۆزترو بایەخدارتر کەوتۆتە ئەستۆی هونەرو ئەدەب بەرامبەر بە (دەروونی مرۆڤ) . ئەم ئەرکەش تا دێت زیاتر وەك پێویستی‌یەکی گیانیی مرۆڤ بەگوڕ خۆی دەهاوێتە ڕیزی پێشەوەی مافەکانی مرۆڤی سەردەمەوە .

با بزانین تا چ ڕادەیەك ئەم بۆچوونەمان لەجێی خۆی دایە ؟ کە شارستانیەت سەری هەڵداو ژیانی مرۆڤ ئاڵۆز بوو ، هەرچەند دەکات ڕێگای ڕاستی لە چەوت بۆ جودا ناکرێتەوە گرێ‌کوێرەکانی بۆ ناکرێتەوەو هەست بە لاوازیو هیچو پووچی دەکات . . وەك بەرمیلێکی پڕ باروود سەر بەرەوخوار تل بووبێتەوەو کەس نەزانێ بە کوێ دەگاو چی بەسەر دێ . . هەست دەکا ئەمیشو ملیۆنەها کەسانی وەك ئەمیش تەنها بورغی‌یەکە ، بۆڵبێرنگە ، یان ئەوەتا واشەرێکی ناو ئامێرێکی زەبەللاحی هەمیشە نەوەستاو . . هەر لە گەردان .

«زەمەن» دەبێتە «وجود»ێکی خاوەن قەوارەی دڕی نامۆ بە مرۆڤ ، دوور لە هەست‌پێ‌کردنیو دوورلە خاوەنێتی ملیۆنەها مرۆڤ . هێندە بە پەلەو لەگوڕ دێتو بەسەر دەچێ بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە مرۆڤ فریا ناکەوێ خۆیی تیا بدۆزێتەوە . . ناتوانێ مانایەك بۆ بوونو هەڵس‌وکەوتو ڕووداوەکانی دەوروبەری لێ‌هەڵێنجێ ! ملیۆنەها مرۆڤ کەوتونەتە دەم شەپۆڵو قەڵبەزو دابەزەی دەریالووشێکی شێتو سامناکی بێ پەیو بێ کەنارو سنوور . ئەو بیست‌وچوار سەعاتەی کە بەڕۆژێ لە ڕۆژانی تەمەنی کورتی لەسەری دەنووسرێ ، وەك بیست‌وچوار چرکە لێ‌ی بەسەر دەچێ . . هەرگیز فریا ناکەون بەگەرمی ، بەقووڵی ، بە هۆشو سۆزەوە هەست بە کاتی خۆیان بکەن . ڕووداوەکان ، دەم‌وچاوەکان ، دەنگ‌وباسو پێویستی‌یەکان ئەمەندە زۆرو ئاڵۆزو بەیەکداچووو گیرو بەڕواڵەت جۆراو جۆرن ، بەڕادەیەکی وا کە هەر جەمسەرێك لە دەیانو سەدانی جەمسەرەکان ، مێشكو دەروونو لەشی مرۆڤ بەلایەکدا ڕادەکێشن . . چاو بۆ هەموو گۆشەیەك دەگێڕێ . . دەست بۆ هەموو لایەك درێژدەکا . لووتی دەئاخنێتە هەموو کونێکەوە . . لە ئەنجامیشدا . . هیچ ! ! بە دوو چاوی پڕ قینو تەماع و برسی‌یەوەو دوو دەستی ئفلیجو خاڵیو لووتێکی شکاوو لەقوڕنراوەوە دەگەڕێتەوە . . بۆ ئەوەنا کە جارێکی دی بە هەمان تاقی‌کردنەوەدا تێ‌نەپەڕێتەوە . . نەخێر ! ڕەنگە تەنها بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە «دەستی بەئاو بگەیەنێ» ! و دیسانەوە ، پاش ماوەیەك ، وەك بڵێ‌ی نە با ی دیبێو نە باران بەگوڕ خۆی دەهاوێتەوە ناو قەپی شەپۆڵە شێتو بێ‌سەر شوێنەکان .

لەم گۆشەیەوە مرۆڤی سەردەممان وا دێتە بەر چاو. . دنیایەکی فراوانو پڕ لە هەموو شتێ دەورەی داوەو بە ڕواڵەت لەوە دەکات لە هیچی کەم نەبێ. . بەڵام لە ڕاستیدا خاوەنی هیچ نی‌یە ! تەنانەت خاوەنی خۆیشی نی‌یە چونکە خاوەنی کاتی خۆی نی‌یە. . کە چاومان دەگوێزینەوە بۆ گۆشەیەکی‌تر دەبینین : دنیای ناوەوەی مرۆڤ، ساردو سامناکو خاڵی‌یە. . . ئەشکەوتێکی پەی پێ‌نەبراوو جێ‌هێڵراوە ! ڕاستە لە دەرەوەی مرۆڤ هەموو شت زۆرن. . بەڵام بەدەگمەن تیایاندا هەیە ئاشنا بن بە دەروونی مرۆڤ. . ڕووداوەکان لەسەروو دەستەلاتی ئەمەوەن. . گەلێ‌جاریش دەبنە مایەی پێشێل‌کردنی مافو هەستو سۆزی ڕەوای ئەم. دەمو چاوەکان زۆربەیان هی ئەکتەری نەزانو درۆزنو هەل‌پەرستو گەمژەن. . ڕەگی مەردایەتی‌و ڕاستگۆیی‌یان تیا نابینێ. . سڵیان لێ دەکاتەوەو شوورایەکی پۆلایین لەنێوانی خۆی‌و کۆمەڵدا هەڵدەچنێ‌و لە دەلاقەو کونەکانی‌یەوە سەیری ئەم دیو قەلاکەی خۆی دەکات. . پێویستی‌و ئارەزووەکانی لە ناخی سەربەستی خۆیەوە سەر هەڵنادەن. . بەڵکو لە دەرەوەی خۆی‌دا بەسەریدا دەسەپێنرێ. . . بازاڕو بەرزی نزمی‌ی نرخو کەمی‌و زۆری دەسکەوتو بەرژەوەندیی بەرهەمهێنەرو بازرگانەکانو ئەمانەو گەلێ شتی‌تر حەزو ئارەزوو پێویستی‌یەکانی ملیۆنەهای خەڵك دیاری دەکەنو یاریی پێ‌دەکەن.

ئەمە بەگشتی باری مرۆڤی (پێشێل‌کراوی) سەردەمی شارستانیەتی بۆرژوایە. کەوتۆتە نێوان هەردوو بەردئاشی دەستاڕێکی زەبەلاحەوە. لەلایەك دەنگو هەراو قەرەباڵغی‌و شتومەکی زۆرو پێویستی‌یەکی لەبن‌نەهاتووو سەرقاڵی‌و خێرایی‌یەکی ئێجگار زیاتر. لەو لاشەوە بێ‌دەنگی‌و کپو کڕی‌یەکی سامناکو ئەبەدی، کە لە بێ‌دەنگی‌ی شەوانی گۆڕەستان دەچێ‌و، تەنیایی‌و داپچڕانێکی سامناکتر کە مرۆڤ دەکاتە دوژمنی کۆمەڵو کۆمەڵ بە مۆتەکەی مرۆڤ. . بێ‌ئیشی‌و ساردو سڕیەکی ئەوتۆ کە مرۆڤ تووشی خاوبوونەوەو بێزاری‌و



بێ‌هوودەیی دەکات. . دەستاڕ. با دەخواو مرۆڤ دەهاڕرێ، دڵی کەف دەکات. . خێڵ دەبێ‌و لافاوی ڕشانەوەی سەردەکا ! ! ئا لێرەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە مرۆڤ. . ملیۆنەها مرۆڤ، تاچ‌ڕادەیەکی بێ‌ئەندازە پێویستی بەوەیە هونەرو ئەدەب دەستێ بدەنە باڵی‌و ڕزگاری بکەن. . لێرەوە بۆمان دەسەلمێ کە مرۆڤ چەندی پێویستی بە ڕاگرتنی خولی ئەو دەستاڕەیە. ڕاگرتنی دەستاڕەکە بەوە دەبێت کە جڵەوی ئەسپە شێتی «زەمەن» بدەینەوە دەست مرۆڤ. چرکە زەمەنیەکانی بۆ شیتەڵ بکەینەوە. . جارێکی‌تر فیلمی زەمەن لە ترشەڵۆکی دەروونی مرۆڤەکاندا بشۆینەوەو (نێگەتیڤ)ی لێ‌دەربێنین. . گشت نهێنی‌و سۆزو ئازارو خۆشی‌وتاڵی‌یەکی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ لە چرکە دەروونی‌یەکاندا چڕ بکەینەوەو جارێکی‌تر بە خاوی، بەڕوونی، بەسۆزێکی ڕاستەقینەوە فلیمەکە بۆ مرۆڤە پێشێل‌کراوەکان بخەینەوە سەر. ئەو چرکە دەروونیانەی کە لە چەندین ساڵی تەمەن – بە پێوەری ڕۆژژمێر – دەوڵەمەندترو بە پێزترن.

بە تێگەیشتنی ئێمە وای بۆ دەچین کە دوو چەشن چرکەی دەروونیان هەبن. ئەم جیاکردنەوەیش لەسەر بناغەی – ماهیە




-ی ئەو دوو چەشنە بوون . . ڕەنگە لە ژیانی ڕۆژانەی هەر یەکێکماندا چەند جارێك بکەوینە بارێکی دەروونی ی وەهاوە کە (شتەکانی دەورو بەرمان) بە چاوێکی تر ، چاوێکی ڕوونترو ووردتر ، ببینین . (دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکان ، ناڵەی نەخۆشێ ، قروسکەی سەگێ ، دەنگی گریانی منداڵێ ، لاوانەوەی دایکێ . . .) بە گوێیەکی سوکتر . بە ئاوازێکی سەیرەوە ببیستین . تامو چێژێکی سەیرو تازە لە خواردنێکی هەمیشەیی بکەین . یان بە بینینی ڕووداوێ ، دەموچاوێ ، هەڵوێستێ ، بیروهۆشمان بپەڕێ بۆ کاتو جێیەکی ترو کۆمەڵێ یادگاری شاراوەمان لە ناخدا سەوز بکاتەوە . . هەریەك لەم بارە دەروونیانە لەماوەی چرکەیەکدا ، یان چەند چرکەیەکدا بەسەر مرۆڤدا دێنو گەلێجار دەبنە مایەی جۆرە بەختیاری و ئاسوودەیی یەکی دەروونی کە ئەگەر – دەرەوەی مرۆڤ – ڕێگە بدات ، ڕەنگە تا چەند ڕۆژێ جێدەستی بەسەر کردارو قسەو هەڵوێستی مرۆڤەکەوە دیاری بدات . لەماوەی ئەو چرکەیەدا ناخی مرۆڤ بەگەرمی بەپیر میوانێکی ئازیزی دوورولاتەوە دەچێتو توند باوەش دەکەن بەیەکدا . . ئەو میوانە ماندووە – خۆیەتی ! – لەو چرکە دەروونی یەدا جارێکی تر بە دیداری خۆی شاد دەبێتەوەو لێی ورد دەبێتەوە . . تاوەکو دڵنیا دەبێ لەوەی هێشتا مرۆڤەو نەبۆتە (ئامێر) ! جا هەندێ کەس ، بەتایبەتی هونەرمەندانو نووسەرو شاعیران ، ڕۆژی چەند جارێك ئەم چرکە دەروونیانە بۆ خۆیان ڕاودەکەنو بەداخەوە زووربەی کەسانی تریش تاڕادەیەکی زۆر لەم بەهرەیە بێبەشن . ئەم چرکە دەروونیانە چەشنی یەکەمی (چرکە دەروونیەکان) . . ئەرکیان ئەوەیە کە مرۆڤ بەخۆی شاد بکەنەوەو لەگەڵ خودی خۆیدا ئاشتیان بکەنەوە .

چەشنی دووەمیان ئەو جۆرەیە کە ڕەنگە زووربەی خەڵك تا مردن بێبەش بن لێی . . هەندێکیش هەن لە کۆتایی هەموو قوناغێکی تەمەنیاندا پێی دەگەن ، وەك هەندێ پاڵەوانی چیرۆکەکانی کاك شێرزاد ، کە لەدواییدا بەدرێژی باسیان لێوە دەکەین . لەڕاستیدا هەر ئەو کەسانەی کە خاوەنی پاشەکەوتێکی زۆرو چاکی چرکە دەروونی یە کانی چەشنی یەکەمن ، ڕێی گەیشتن بە چەشنی دووەمیان بۆ سازکراوەو پێی دەگەن . پاش ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ئاشت دەبێتەوەو عاشق یەکدی دەبن . . چیی تر پێی ناکرێ لەو قاوغە تەسکەدا بژیو دەیەوێ پڕ بەسی یەکانی هەوای پاك هەڵمژێ . . دەیەوێ خودی خۆی و هیواو ئاواتی عیشقە پیرۆزەکەی بێنێتەدی . . دەیەوێ گەڵاوگوڵی عیشق دەروونی

بداتە بەر هەتاوو بگەشێنەوە . . بەڵام – دەرەوەی مرۆڤ – ڕێی نادات‌و دەست دەنێتە بینی . . (لە چرکەیەکی دەروونی دا) مرۆڤ بڕیار ئەدات هەموو شتێ یەکلایی بکاتەوەو کۆتایی بەم گاڵتەجارە خوێناوی‌یە بێنێ ! جا ئیتر لێرە بە دواوە یەکێ لەم دوو ئەنجامە دەستگیر دەبێ : یان ئەوەتا شۆڕشێ دژی خۆی بەرپا دەکات‌و لەڕیشەوە نەمامی ئەو عیشقە هەڵدەکەنێ‌و تووڕی دەدات‌و لەگەڵ – دەرەوەی خۆی‌دا – ڕێکدەکەونەوەو خۆی دەهاوێتە ناو شەپۆلە شێت‌و سامناکەکانەوە . یان . . شۆڕشەکە دژ بە – واقعێك – کۆمەڵێك – بیرو فەلسەفەیەك – دژ بە – دەرەوەی خۆی – بەرپا دەکات‌و قۆناغێکی نوێی ژیانی دەست پێ‌دەکات . ڕەنگە هەندێ جاریش ئەو شۆڕشە هێندە خوێناوی‌و کەللە ڕەق بێ کە بەجارێ کۆتایی بە ژیانی پاڵەوانەکەی بێنێ . . ئەمیشیان هەر سەرکەوتنەو سەربەرزی‌یە بۆ ئەو (عاشقە) !

ئەم چەشنە (چرکە دەرونی‌یە) مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە ناشێ دنیا جێی ئەم دوو دژوارەی تیا ببێتەوە :– (ناوەوە) و (دەرەوە) خۆی .

هەردوو چەشنە «چرکە دەرونیەکان» پەیوەندی‌یەکی بەتینیان پێکەوە هەیەو . . تەواوکەری یەکترین . بەڵام ئەو پەیوەندیە هەندێ‌جار شاراوەو تەماوی‌یە ، کە ڕەنگە ئەگەر چاوی هونەرمەند نەبێ نەدۆزرێتەوە . . چیرۆك‌نووسی هونەرمەندو ڕاسگۆی خاوەن تاقی‌کردنەوەی زیندووو ڕاستەقینە ئەم چرکە دەرونیانەی پاڵەوانەکانی ڕاو دەکات‌و دەیکاتە دیاری بۆ خوێنەرانی . . ئەم ڕاوکردنە بە تۆڕو قولاپی «وێنە هونەری‌یەکانی» ناو چیرۆکەکانی بۆ مەیسەر دەبێ . لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە نەختێ لەوە بدوێم ، ئایا تاچ ڕادەیەك «وێنەی هونەری چیرۆك» سەربەخۆیەو جیایە لە «وێنەی هونەری شیعری» دوو خاسیەتی سەرەکی‌ی «وێنەی هونەری چیرۆك» ئەم سەربەخۆیی‌یە دەچەسپێنێ :

یەکەم : لەبەرئەوەی چیرۆك ، جگە لە چرکەی دەروونی ، زەمەن‌و جێ‌و ڕووداوی تیادایە . . دەبێ وێنە هونەری‌یەکانی هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە خزمەتی ئەو توخمە پێکهێنەرانەدا بن‌و پێکەوە لەچوارچێوەی کەسایەتی پاڵەوانەکانیدا بیانگونجێنێ .

دووەم : وێنە هونەری‌یەکانی چیرۆك دەبێ لە خزمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی دراماو هەڵوێستەکاندا بێت ، بەردەوام ببێتە هەوێنی پێگەیاندنی کەسایەتی چیرۆك‌و پاڵەوانەکانی . . . بۆ ئەم مەبەستەش نابێ یەکتری بسڕنەوەو دژبەیەك بن . . واتە ناشێ وێنەی «١» بنەخشێنین‌و وا لە خوێنەر بگەیەنین کە بیرۆکەی چیرۆك‌و ڕووداوو کەسایەتی پاڵەوانەکە بەم ڕێڕەوەدا دەڕواو . . پاشان بێین بە وێنەی «٢» ئەو تێگەیشتنە بشێوێنین‌و پاشان بە وێنەی «٣» ڕێگایەکی تازە دەسنیشان بکەینەوە . . هەروەها ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە وێنە هونەری‌یەکان دەبێ جووینەوەو دەنگ‌دانەوەی یەکتری بن . نەخێر ! پێویستە وێنەکان پلەبەپلە ئاستی هەڵچوونەکە بەرز بکەنەوەو هەریەکەیان تیشکێکی تایبەتی‌و خاوەن ڕەنگ‌و گەرمی‌ی خۆی بێ‌و لایەك لەلایەنە تاریك‌و گیرەکانی بیرۆکەی چیرۆکەکە ڕۆشن بکاتەوە . . بە گشتیشیان کۆمەك بکەن بۆ بەستنەوەی بیرو هەستی خوێنەرو سەرنجی ڕاکێشن بۆ ووردبوونەوەو لێکدانەوە .

کە بەراوردی ئەو دوو خاسیەتە سەرەکی‌یەی وێنەی هونەری چیرۆك دەکەین بە وێنەی هونەری شیعری بۆمان ئاشکرادەبێ تاچ ڕادەیەك جیهانی چیرۆك‌و شیعر لە یەکتری جودان‌و لە ئاستی یەکتریدا سەربەخۆن . چونکە ئەرکی سەرەکی‌ی وێنەی هونەری شیعری لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە خوێنەر بهەژێنێ‌و بیهاوێتە دۆخی هەڵچوون‌وداچوونی دەروونی‌و سۆزی ڕاستەقینەوە . ئیتر بەرپرسیار نی‌یە لەوەی خوێنەر بگەیەنێ بە ئەنجام ، هەر ئەمەشە پاساوی ئەوەی بۆ داوەتەوە کە وێنە هونەری‌یەکان بۆیان هەبێ یەکتری بسڕنەوەو

دژبەیەکدی بن‌و لەنێوانی گەرمی‌و ساردی‌و هەڵچوون‌و داچوون‌و شیبوونەوەو ئاڵۆزەکاندا بێن‌و بچن . هەر لەم روانگەیەوە لە خۆم رادەبینم کە ئەم پێناسەیە بۆ شیعر دابڕێژم :

«شیعر دەنگدانەوەو رەنگ‌دانەوەی چرکەیەکی دەروونی‌ی خۆنەگرو قووڵە لەتوێی هارمۆنیەتیەکی مۆسیقی‌دا تواوەتەوە لە وێنە هونەری‌یەکاندا خۆی دێنێتەدی» . کەچی چیرۆك شتێکی‌ترە . . دنیایەکی‌ترەو بنەماو ئەرکی جیاوازی خۆی هەیە کە ئەتوانین تارادەیەکی زۆر ناوی بنێین – بنەمایەکی سۆزی‌و ئەرکێکی فیکری – دیارە ئەمەش ئەرکێکی جیایەو لەئاستێکی‌تردایە کە دەکەوێتە ئەستۆی چیرۆك‌نووس . بەلای ئێمەوە هەر ئەوەشە کە کارێکی وای کردووە ژمارەیەکی بێ‌شومار شاعیرمان هەبێ (بەچاك‌و بەخراپ) ، کەچی ژمارەیەکی زۆر کەم چیرۆك‌نووس‌و رۆماننووسمان هەبن . .

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بە شێوەیەکی تایبەتی لە وێنەی هونەریی چیرۆك بدوێین‌و چەشنەکانی دەستنیشان بکەین . . لەپاش گەلاڵەکردنی بیرۆکەی چیرۆکەکەو دەستنیشانکردنی کات‌و جێ‌و رووداوو جۆری پاڵەوانەکان‌و ، لەگەڵ دەستدانە پێنووس بۆ نووسینی یەکەمین وشە لە چیرۆکەکەدا ، پرسیارێکی مەزن رووبەرووی چیرۆك‌نووس دەبێتەوە : چۆن بتوانێ زەمینەیەکی دەروونی‌ی وا لەلای خوێنەر بسازێنێ بۆ گونجاندنی ئەو توخمە پێکهێنەرانەی چیرۆکەکەی ؟ !

دوابەدوای ئەم پرسیارە ، پرسیارێکی مەزنتر خۆی دەهاوێتە پێشێ : «چۆن‌و لەکوێوە هەنگاو هەڵێنێتەوە بەرەو دەروونی پاڵەوانەکانی‌و لە کام گۆشانەوە کامێراکەی ئاراستەیان بکات» .

لە وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارەدا هەردوو چەشنەکەی وێنەی هونەریی چیرۆکمان بۆ وەدەردەکەوێ :

بۆ گونجاندنی توخمە پێکهێنەرەکانی چیرۆکەکە پێویستمان بە چەند وێنەیەکی هونەریی وا هەیە کە چرکە دەروونی‌یەکانی چەشنی یەکەممان بۆ راو بکەن . . واتە دەبێ لەتوێی چەند وێنەیەکی هونەری‌دا «پاڵەوانەکان» لەگەڵ «خودی خۆیاندا» ئاشت بکەینەوە هەر بەو پێیە خوێنەریش وا لێ‌دەکەین کە خۆی لە کەسی پاڵەوانەکەدا بدۆزێتەوەو لەگەڵیدا ئاشت دەبێتەوە . . دیارە تەنها چیرۆك‌نووسی زیرەك‌و رۆشنبیرو راستگۆ دەتوانێت ئەم زەمینەیە ساز بکات . ئەمە وەڵامی پرسیاری یەکەم‌و لە وەڵامی پرسیاری دووەم‌دا دەگەینە ئەم ئەنجامە : کە چیرۆك‌نووس تەواو لەوە دڵنیا دەبێ دۆخی دەروونی‌ی خوێنەر لەبارە بۆئەوەی رووبەرووی چرکەی دەروونی‌ی چەشنی دووەمی بکاتەوە . . واتە ئەو چرکە دەروونی‌یەی کە لووتکەی بیرۆکەی چیرۆکەکەیە و بەرجەستەکردنی حەقیقەتی کەسایەتی‌ی پاڵەوانەکەیە . . ئەم رووبەرووکردنەوەیە بە هۆی چەشنێکی‌تری وێنەی هونەری‌یەوە دەکرێ‌و بە چوار قۆناغ دێتەدی :

ئەگەر بۆمان بشێ ئەو قۆناغانە بشوبهێنین ئەوا یەکەمین قۆناغیان دەشوبهێنین بە تیشکێك کە لە دەرەوەی پاڵەوانەکەوە ئاراستەی ناخی دەکرێ . . ئەو تیشکە لە چەند خاڵێکی قووڵی دەوروبەرەوە راستەوخۆ ئاراستەی چەند خاڵێکی لاوازی‌و لاسەنگی‌ی پاڵەوانەکە دەکرێ . ئەو وێنە هونەریی‌یەی بەم ئەرکە هەڵدەستێ ناوی دەنێین «وێنەی کار» – «صورة الفعل» ، ئەم قۆناغەی چرکە دەروونی‌یەکەش ناو دەنێین «قۆناغی هەستی» – «المرحلة الحسية» – ئەرکی ئەم وێنەی کارە ، راوکردنی ئەو بەها ئینسانی‌یە شاراوانەیە لە هەلوێستی ئەو قەوارە یان رووداو یان بیرۆکەی – بەرەورووی پاڵەوانەکە دەبێتەوەو دیاری دەدات ، .

قۆناغی دووەمیان تیشکێکی‌ترە لە ناخی پاڵەوانەکەوە ئاراستەی دەرەوەی دەکرێ . . رادەی کارتێکردنی تیشکی یەکەم لە دەروونی پاڵەوانەکە دیاری دەکات . . ئەو وێنە هونەری‌یەی لە دووتوێ‌ی‌دا ئەم کارە ئەنجام دێت ، ناودەنێین «وێنەی کاردانەوە» «صورة رد الفعل» ، ئەوقۆناغە چرکە دەروونی یەکەش ناو دەنێین : «قۆناغی هۆش» – «مرحلة الوعي» . .

ئەركی ئەم وێنەی كاردانەوەیە ، ڕاوكردنی لێكدانەوە قوولێو بەسۆزو ڕاستەقینەكانی پاڵەوانەكەیە سەبارەت بەو بەها ئینسانی‌یە ئاشكرابووانەی دەوروبەرەكەی .

لە ئەنجامی لێكدان‌و ئاوێتەبوونی ئەو دوو تیشكە قۆناغی سێهەم دێتەدی ئەویش قۆناغی – هەڵوێستە – «مرحلة الموقف» كە لە توێی وێنەیەكی هونەری‌دا دێتەدی‌و ناوی دەنێین – وێنەی هەڵوێست – (صورة الموقف) . لەم قۆناغەدا ئەركی وێنەی هەلوێست ئەوەیە كە گۆڕانێكی ڕیشەیی لە هەڵوێستی پاڵەوانەكەدا بەرپا بكات . . جا ئیتر چۆنیەتی و ڕەوت‌و شێوازی ئەو گۆڕانكاریە لە هەڵوێستی – پاڵەوانی چیرۆكەكەدا ، پشت بە «فەلسەفە»و «بۆچوونەكانی» چیرۆك نووسەكە دەبەستێ . . ئایا گۆڕانكاری‌یەكە بەرەو پێشەوە یان بەرەو دواوە لەخزمەتی كێ‌و لەدژی كێ‌یە . . ئەمانە بابەتی ئەم باسەمان نین . . بەڵام ئەوەی گرنگ بێت‌و نابێ چیرۆك‌نووس پشت‌گوێی بخات‌و دەس بەرداری بێ ئەوەیە كە هەڵوێستەكە پێویستە روون‌وئاشكرا بێت . . نەك لە تەم‌ومژو ڕەمزیەتدا بشاردرێتەوەو خوێنەر بخەینە گێژاوی خەیاڵەوە . بەڵكو دەبێ بارو دۆخێكی وەها بۆ خوێنەر ساز بكرێ كە بكەوێتە بیركردنەوەو لێكدانەوە .

قۆناغی چوارهەم ناودەنێین : «قۆناغی جێ‌دەست» – «مرحلة الاثر» واتە ئەو قۆناغەی كە جێ‌دەستی هەڵوێستە تازەكەی پاڵەوانەكە دەستنیشان دەكات . جێ‌دەستەكە چ لە دەروونی پاڵەوانەكەداو «كارتێكردنی بۆ سەر» كەسایەتی‌ی‌و چ لە دەرەوەی پاڵەوانەكەدا . . لە واقع . . لە دەوروبەر . . ئەو وێنە هونەری‌یەی بەم ئەركە هەڵدەستێ ناوی دەنێین :

«وێنەی قفل» – «صورة القفل» . دیارە كە دەڵێین «قفل» مەبەستمان ئەوە نی‌یە كە «قفل» لە ئاسۆی چیرۆكەكە بدات‌و كۆتایی بە هەموو شتێ بێنێ ، نەخێر ! مەبەستمان ئەوەیە كە ئەو (وێنەی قفلە) پێویستە قفل لە هەموو ئەو كون‌و كەلەبەرو دەروازانە بدات كە ڕەنگە بیرو هۆش‌و سۆزی خوێنەری لێوە ئاودز بكات‌و خۆیی لێوە دەرباز بكات بەبێ لێپرسینەوە وەك میوان جێهان‌بێڵێ‌و بڕوات . چیرۆك‌نووسی وریاو خاوەن‌بڕوا ، بەشێوەیەكی ئەوتۆ وێنەی قفل دەنەخشێنێ كە خوێنەر ناچار بكات ڕووبەڕووی ئاسۆی بەربلاوی «جێ‌دەستی» هەڵوێستی پاڵەوانەكە ببێتەوەو خۆی لەهەمان باردا بدۆزێتەوە تا هەڵوێستی خۆی دیاری بكات‌و بەراوردی بكات بە هەڵوێستی پاڵەوانەكە . . پاشان لە خۆی ورد ببێتەوە بزانێ ئایا جێ‌دەستی ئەو هەڵوێستەی پاڵەوانەكە لە دەروونی ئەم دا چی‌یەو چۆنە ! ؟

لێرەوەو لەڕوانگەی ئەم بۆچوونانەوە چەند نموونەیەك لە وێنە هونەری‌یەكانی چیرۆكەكانی «تەنیایی» شی دەكەینەوە ، تا بزانین لەگەڵ خامە ڕەنگینەكەی (كاكە شێرزاد)دا لەكوێدا یەك‌دەگرینەوەو لەكوێدا لێك‌دادەپچڕێین :

**١ – چیرۆكی : «خوشكەكان» :–**

ئەم چیرۆكە بەشێوەیەكی چڕ باسی ئازارو خەمی كچێكی قەیرە دەكات ، دوو خوشكی لە خۆی مندال‌تری هەن‌و هەردووكیان بە ئاواتی خۆیان گەیشتوون كەچی ئەمیش وەك هەر پارچە شتێك فڕێ‌دراوەو لەبیرچۆتەوە تەنها فریای ئەوە دەكەوێ خۆشەویستێكی خۆی بكاتە دیاری‌و مێرد بۆ پەرژینی خوشكی‌و خۆی بكات بە پرد بۆ پەڕینەوەو بەیەك‌گەیشتنی بەفرین‌و نەبەز و پاشانیش لە ئاهەنگی شووكردنیاندا وەك كەسێ ماسوولكەو ئێسقانەكانی لەیەكدی ترازابن . . هەڵپەڕێ . . بەم شێوەیەو بە هێنانەوەی چەند یادگارو بیرەوەری‌یەك درامای چیرۆكەكە بەرەو ئاشێكی بەرزتر هەڵدەكشێ . تا ئەو ساتەی چركە دەروونی‌یە تایبەتی‌یەكە گەلاڵە دەبێ‌و یەكەمین قۆناغی بەدی‌هاتنەكەی دەست پێ‌دەكات :

لاپەڕە (٣٩) . . پەرەگرافی دووەم : «لەناكاو – پەرژین –ی خوشكت دەرگای لی‌كردیتەوە . . منالێكی چاوزەق ساوا خۆی بە باوەشی‌یەوە نووساندبوو . . وەك لە ڕوخسارت بترسێ . . زریكەی لێ بەرز بۆوە . . دایكی زیاتر بەخۆیەوەی

گوشی . . دوای هەنگاوو نیوێك گەیشتە ئاستت . . بۆ ماوەیەکی کەم لەیەکدی ڕامان . . چاوت لیّ ی نەتروکاند . . چاوی لیّ نەتروکاندی . . لەیەکتری تیّ گەیشتن . . بەبێ باکیو دوور لە خۆشەویستی یەوە قیژاندی :– شەرم ناکەی . . ئەوە بۆ دەگریێ ی . . ها ؟»

ئەمە (وێنەی کارە) وەك تیشکێ لە پەرژینەوە ، لە دوو چاوی زەق ترساوی منداڵەکەوە ، لە زریکەی تۆقینی یەوە ، لە تێرامانەکەی خوشکی (شووکردەی خاوەن مێردو منداڵەوە) . . لەو قیژە بێ باكو بێ بەرزەیی یەوە : «شەرم ناکەی !» لەم خاڵانەوە ئاراستەی خاڵی لاوازیو لاسەنگیو بێ دەسەڵاتی ی پاڵەوانی چیرۆکەکەمان دەکرێ . . ئەم تیشکە کە لەدەرەوەی پاڵەوانەکەوە ئاراستەی ناخی کراوەو جیّ ی پیّ لەق دەکات ، بۆتە مایەی ئاشکراکردنی حەقیقەتی هەستو سۆزی خوشکایەتی ی پەرژین بەرامبەر بە پاڵەوانەکەمان . . ئەو پەیوەندییەی کە تائێستا وای تێگەیشتبوو کە ڕاستەقینەو پڕ خۆشەویستی یە کەچی وا پەردەی لەسەر هەڵماڵراو درۆو دەلەسەی ئاشکرا بوو . . لەم قۆناغەی چرکە دەروونی یەکدا «کە قۆناغی هەستی یە» ، هەستونەستی پاڵەوانەکە دەهەژێو شەرمەزاری دایدەگرێ . .

هەر لەهەمان لاپەڕەدا لە پەرەگرافی سێهەمدا (وێنەی کاردانەوە) قۆناغی دووەمی چرکە دەروونی یە تایبەتی یەکەمان بۆ دێنێتەدی : «وەك گیانلەبەرێکی کێوی ناو قەفەسێك نیگاکانت بەژوورەکەدا بلاّو دەبوونەوە . . ئاشکرا بووی . . زەمانێکە ئەو خەمە قورسە دەشارێتەوە . . بەلاّم دوا شایی ی ماڵەکەتان . . شینو پرسەی تۆی ساغ کردەوە . . نەبووی بە دڵۆپە ئاوێكو زەوی هەڵتمژێ . . هەستو هۆشت لای خۆت نەما . . هەستت بەدڵەکزیو خاوبوونەوەیەك کرد . . هەر چوار پەلت دەلەرزین . . پێڵوەکانت خاو دەبوونەوە . . دادەکشان . . ددانت جیڕ کردەوە . . کرەی لێوە دەهات . . دەمت داپچڕی . . خوێنی ڕقو کینە لە دەمارەکانتا کەفی کردو هەڵچوو . . تەنگەنەفەس ببووی . . بەربیناییت تا دەهات لێڵتر دەبوو . . هەموو گیانت کەوتە سەر شەپۆلو گێژەنەی مەستیو شێتی . . پڕ بە ژوورەکە هاوارت کرد : برۆ دەرەوە !» .

ئەم وێنەی کاردانەوەیە تیشکی دووەمەو لە ناخی پاڵەوانەکەوە ئاراستەی دەرەوەی دەکرێ . . چیرۆکنووس بەشێوەیەکی چڕو سەرکەوتوو ڕادەی کارلێکردنی تیشکی یەکەم لە دەروونو هەستو سۆزو لێکدانەوەی پاڵەوانەکە دیاری دەکاتو دەیهاوێتە قۆناغی «هۆشەوە» . . پاڵەوان خۆی لەبارێکی سەیردا دەبینێتەوە : «وەك گیانلەبەرێکی کێوی ناو قەفەس» پاشان حەقیقەتی ئەم بارەی بۆ ڕوون دەبێتەوە : «ئاشکرا بووی . . .» وتووشی جۆرە بێ هۆشیو خاوبوونەوەو لاوازی یەکی پڕ قین دەبێو خۆی پیّ ڕاگیر ناکرێو پڕ بە ژوورەکە . . پڕ بە پێستی شەرمەزاریو لاوازیو قینو هەڵچوونەکەی هاوار دەکات : «برۆدەرەوە» !

پاشان لە لاپەڕەی ٤٠/ پەرەگرافی یەکەمدا :

« . . . .لەداخانا گەردانەو حێڵو مێخەکی بەرملت پچڕاند . . هەر بە چەپۆك سەروپۆتەلاّکی خۆت کوتایەوە» تا دەڵێ «حەزت بە گێچەڵێکی گەورە دەکرد . . شەڕێك خۆتی تیا ونکەی . .» پاشان دەڵێ «کورسی یەکی بچووکت خزاندە ژێر پێتەوە . . سەرکەوتی . .» تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ : «بەهەر کەشمە کەشمێ بوو خۆت گەیاندە وێنەکەت . . دەستەکانت بەرز کردەوە . . تا هێزت تیا بوو وێنەکەت ڕاکێشا . . بەدەستەوە هات . . . .»

لە ئاوێتەبوونی هەردوو تیشکی یەکەمو دووەم قۆناغی سێهەمی چرکە دەروونی یە تایبەتی یەکەی پاڵەوانەکە هاتۆتە دی : «قۆناغی هەڵوێست» . . چیرۆکنووس وێنەی هەڵوێستەکەی بەچڕوپڕ نەخشاندووە . . واتە چەند وشەو دەربڕینێکی لاوەکی ی خۆیان دەکوتنە نێوان پارچەکانی وێنەکەوە . . ڕەنگە هەر ئەوەش وای کردبێ کە هەڵوێستەکە بەگوڕو وەك خۆی دەڵێ بە «کتوپڕ» نەیەتە دی . . وێنەی هەڵوێستەکە بە سێ پلە

یەك مەبەست چڕ دەكاتەوە : لەسەرەتادا هەرچی حێل‌و مێخەك‌و گەردانەی ملی هەیە دەیپچڕێنێ بۆئەوەی لەو رووكەشە ئاهەنگی‌و دڵخۆشی‌یە خۆی رزگاربكاو پاشان بە چەپۆك سەرو پۆتەلاكی خۆی دەكوتێتەوە بەمەبەستی ئەوەی سەروچاوورووی نەگبەت‌و بەدبەختی خۆی لەناو بەرێ . . وەك‌بڵێی تۆڵە لە سەبەب‌كاری ئەم نەهامەتی‌وچارەڕەشی‌یەی دەكاتەوە . پاشان هەر هەمان خواستی تۆڵەو لە ناوبردن لە : «حەزت بە گێچەڵێكی گەورە دەكرد . . شەڕێك خۆتی تیا ون كەی»دا دووپات دەبێتەوەو ئنجا كۆتایی بە (وێنەكە) دەهێنێت‌و وێنە هەڵواسراوەكەی خۆی ڕادەكێشێ وپێكەوە لاسەنگ دەبن‌و دەكەون بەسەردەمدا . . وێنەكەی وردووخاش‌و باسكیشی بریندار دەبێ . . خوێنی لێ دەتكێ . . دیمەنی تكە خوێنەكان خەریكە گەرچی بەخەیاڵیش بێ نەختێ ئاسوودەیی ببەخشێ بە پاڵەوانەكە . . بەو تكەخوێنانە ، خوێنی «رووسووری» بووكێنی دێتە بەرچاو . . بڵێی ئەم تكە خوێنانە هی بووكێنی‌ی بێ ! ؟ ئای چەند جیاوازی لەنێوانی ئەم خوێنەو خوێنی تكاوی ئەم شەوی خوشكەكەی‌دا هەیە ! ! بەرەبەرە چیرۆك‌نووس رامان‌دەكێشێ بەرەو قۆناغی چوارهەم : «قۆناغی جێدەست» . .تا بەتەواوی دەگەین بە (وێنەی قفل)و قۆناغەكە دێتەدی . .

لاپەڕەی ٤١ : «چاوەكانت داخست . . دوا دڵۆپ فرمێسك لەنێو برژانگەكانتا مایەوە . . نەڕژایە سەر روومەتت . . بەرەبەرە بێئاگا بووی . . بێئاگاتر . . دوایش وەك بەردێكی زۆر گران . . كەوتیتە بن گۆمی خەوێكی قووڵ . !» جێدەستی هەڵوێستی پاڵەوانەكە لە سەر دەوروبەرو كەسانی تری چیرۆكەكە تەنها ئەوەندەیە : «خەڵكەكە وەك مردوویێك جێ‌بهێڵن . . ژوورەكەیان چۆڵ كرد» و دەرگاكەیان لەسەر داخست ! لەسەر ناخ‌و دەروونی خۆیشی لەوەدا دیاری دەدا كە : «وەك بەردێكی زۆر گران . . كەوتیتە بن گۆمی خەوێكی قووڵ !» وەك بڵێی لەئەنجامی ئەو هەڵوێستەی جۆرە ئاسوودەیی‌و هێمنی‌و لەخۆڕازی بوونێكی چنگ كەوتبێ . . خەوێكی قووڵی لێ‌دەكەوێ‌و ئاسۆی چیرۆكەكە لێرە بەدواوە بەكراوەیی‌و بەربلاوی دەمێنێتەوە . . وەك ئاسۆی ئەو خەونانەی كە دێنە میوانی‌ی پاڵەوانەكە .

**٢ — چیرۆكی : «لەو دیو دەرگا ئاسنینەكەوە» : لاپەڕە ٦٠**

«ئێوارەیەو گەیشتیتە بەر دەرگای كۆشكی ئەو كۆنە خۆشەویستەت . . مێشكت ببووە جێ‌مەیدانی شەڕەكەی تەرِوادە . . .» هەر لەم وێنە سەرەتایی‌یەوە بۆمان ئاشكرا دەبێ كە چركەیەكی دەروونی‌ی زۆر تایبەتی بەرێوەیەو چاوەڕێ‌كراوە ، لە لاپەڕە ٦٢دا : « ئێستا دنیای مێشك‌و خۆبەخت‌كردن‌و لێبوردن جێ‌دێڵم . . ئەو كە جێی‌هێشتم . . تێكی‌شكاندم . . دوو قەدی كردمەوەو فڕێی‌دام . . نەیدەزانی چەندەها شەو خەونم پێوە دیوە . . چەندیش لەژێر لێفە شڕەكەما بۆی دەگریام‌و كەس نەیدەزانی . .»

هەروا چیرۆك‌نووس زیاتر سەرنجمان ڕادەكێشێ بۆ ناو دەروونی پاڵەوانەكەی‌و باری هەڵچوونەكەی‌و هۆی ئەو هەڵچوونەمان بۆ ئاشكرا دەكات . . «چاكم ئاگا لێ‌بوو . . یاری بە ئەڵقەی زێڕینی پەنجە نەرمەكەی دەكرد . . ئەو پەنجەی حەزم دەكرد وەك قەند بیكرۆژم . . تیشكی گڵۆپێكی نەعلەتی لە ئەڵقەكەی دەدا . . باریكە تروسكەو شەوق دەپڕژایە چاومەوە . . . . . .»بەبزەوە سەیری دەكردم . . كافرانە لێم ورد دەبۆوە . . گەلێ بێ‌باك بوو . . .» كەواتە ئەو شەڕی تەرِوادەیەی كە مێشكی پاڵەوانی چیرۆكەكە بۆتە مەیدانی . . ئاشكرابوو لەنێوانی هەندێ بیرەوەری تاڵ‌و رووخێنەرو پرۆژەی هەڵوێستێكی تۆڵەسێنەردایە . چیرۆك‌نووس بەهۆی هەندێ وێنەی هونەری‌یەوە هەوڵ ئەدات جۆرو چلۆنێتی ئەو پرۆژەی تۆڵەسەندنە بنەخشێنێ‌و لەلاپەڕە (٦٣)دا بەچڕی ئەم وێنانەمان بەرچاو دەكەوێ : «وا خۆم دەنوێنم گوایە بێ‌باكم . . باسی ئەو كچانەی بۆ دەكەم كە لەدوای ئەو خۆشیان‌ویستووم .» «وا

باسی خۆمی بۆ دەکەم . . وەك باسی پایتەختێکی قەشەنگ و گەورەو قەڵەبالغ بکەم . .» «گاڵتە بەو شتانە دەکەم ئێستا هەیەتی . . دەبین . . یا هەیبوون» «دەبێ هەست بە شەرم و پەشیمانی بکا . . لە چارەکە سەعاتی یەکەمدا ورو کاسی دەکەم . . دەچمە گریان و قورپێوان . . هەرەسی پێ دەهێنم : وەك شاخێکی مەزنی بن کۆڵ .»

پاڵەوانی چیرۆکەکەمان لەبەردەرگی کۆشکی ئەو ئافرەتە دڵ‌ڕەق و بێبەزەیی یە بێبارەدا ڕاوەستاوەو پەنجەی ناوەتە سەر زەنگەکەو دیمەنی کۆشکەکەو بێدەنگی و کش وماتی وپاك و خاوێنیی ناوچەکە خەیاڵ و ئەندێشەی دەگوێزنەوە بۆ : «لەلاپەڕە (٦٦)دا : هات و هاوارتان . . هەناسەتان . . تف و جنێوتان . . ئارەقەتان . . چرەدووکەڵی باوك . . لایەلایەی پرخەمی دایك . . گڕەی پەرەمێز . . هاژەی گۆرانی یەکی بریندار کە لە ئاشی ڕادیۆکانەوە دێ . . تێکەڵ بەیەکتری دەبن . . بۆیە کە لەبەردەم ئەم جۆرە کۆشکانە دەوەستن . . گەلێ هەقتانە بترسن . .» ئەم وێنە تێهەڵکێشە قووڵی یەکی زیاتر . . مەودایەکی دوورترو فراوانتر دەبەخشێ بە ئازارو خواستی تۆڵەی پاڵەوانەکەمان . . جارێکی تریش لە لاپەڕە (٦٨)دا بەچەند وێنەیەکی خێراو چڕوپڕ سووربوونی پاڵەوانەکەمان بۆ دەردەکەوێ لەسەر هەڵوێستێکی چاوەڕێ‌کراو . . تۆڵەسەندێکی بێبەزەیی یانە : «پێویستە ئیمڕۆ ئێوارە . . ئەکتەرێکی بلیمەت بم . . پاڵەوانێکی شێتی تۆڵە . . . ئەگەر پێستە سپی یەکەت بکەی بەڕەشماڵ . . ڕەشەبامی تێبەردەدەم . . گەر بووی بە زەوی یەکی وشك . . من نابارم[1] . . چاوەکانت ببن بە زەنگی کەڵێساش . . هەزار ساڵیش زرنگەی بێ . . گەر عیسا بم ڕووی تێناکەم . . . .» «دەبێ وات لێ بکەم . . وەك مۆمێ بەجێماوی ئێوارەیەکی زۆر درەنگی سەر گۆڕی پیاوچاکێك بتوێنیتەوە . .» . . ئەم پڕۆژەو نیازانە وا لە پاڵەوان دەکەن کە بڕوایەکی زۆری بە خۆی هەبێ و «بزانێ منم . . زەنگەکە لەدڵیا لێدەداو دەنگ دەداتەوە .»

لەپاش هەموو ئەم وێنانە . . زەمینەکە تەواو خۆش دەبێ بۆ گەیشتن بە چرکە دەروونی یە تایبەتی یە چاوەڕێ‌کراوەکە :

لەلاپەڕە (٦٩)دا لە گۆشەیەکی لابەلاوە وێنەیەکی کار دەنەخشێنێ :

«دوای چەند چرکەیەك چاوەڕوانی . . خشەخشی سۆڵێك هاتە بەرگوێت . . کەسێك بەزۆرداری سۆڵەکەی بەدوای خۆیەوە ڕادەکێشا . . تا گەیشتە ئەودیو دەرگاکەوە . . لەوەدەچوو چەند میلێکتان لەنێوان بووبێ . . چاوت نەتروکاند . . دەرگا زلە ئاسنینەکە کەلێنێکی تێکەوت . . هەر لە کەلێنەکەوە دەم و چاوێکت بینی . . ئەو ڕووە نەبوو کە ساڵەهای ساڵ بوو . . پێی ئاشنا بووی . . ڕوویەکی چرچ و پڕ لۆچ و ناشیرین بوو . . ڕووی پیرەژنێك . . .» «گەلێ سامناك و دژوار بوو . . خوێن لە ڕووتا پەڕی . . مردووانە . . بەقێزەوە . . بە بێدەنگی لەژێر چاوە کوژاوەکانیەوە تێی ڕوانی . .» ئائێرەش چیرۆکنووس نایەوێ بەو ئاسانی یە دەست لە یەخەی خوێنەر بکاتەوەو پاشان بەم «کلۆز»ە «وێنەی کار» چڕ دەکاتەوەو قۆناغی یەکەمی چرکە دەروونی یەکە دێنێتەدی : «پیرەژن ڕستەکەی پێ بڕیت و لەجاران توورەتر گوتی :

– ها . . هوو . . نێرە بیدۆشەیە . . کوڕم تۆ نازانێت خاتوو نەسرین وەك دەڕیێ و ژێرکراس کۆشك دەگۆڕێ . . . توند دەرگاکەی بەڕووتدا داخست .»

بەتەمای چی بوو . . چاوەڕوانی چی ی دەکردو چی دەبینی ؟ ! تیشکێکی زۆر بەتین کەوتە سەر خاڵی لاوازیی و هەستی غەریبی و نائومێدی و بێ هوودەیی خواستی تۆڵەسەندنەکەی . . دوابەدوای ئەوە وێنەی «کاردانەوە» قۆناغی دووەمی چرکە دەروونی‌یەکە دێنێتەدی : «تەقەی دەرگاکە کاسی کردی . . لەودیوەوە هەر بۆڵەی بوو . . دوا ڕستەیت بەلاوە سەیر بوو . . ڕستەیەکی وا ڕووت و لە دەمێکی وا بێددان بێتەدەر . . بە هەناسە ساردی گەڕایەوە . . گرانت

هەنگاو دەنا . . وەك ئەوەی تەرمێك بەسەر شانتەوە بێ . .» بەڵێ تەرمی پرۆژەو نیازو پیلانی چاوەڕێکراوی . . کوژراوی . . دەنێتە سەرشانیو چوار پارچەی وێنەکە زۆر دەیهەژێننو ماوەی نادەن بەتەواوی و بە کاملی قۆناغی «هۆش» ببڕێت . . تەقەی دەرگا ئاسنەکە . . بۆڵە بۆڵەکەی ئەودیو دەرگا . . دوا قسەی پیرەژنەکە . . دیمەنی دەمی بێددانی پیرژنە چرچولۆچەکە . . ئەو کەموکوڕی‌یەی تووشی پاڵەوانەکە دەبێ لەهێنانەدیو بڕینی قۆناغی «هۆش»دا کارێکی وا دەکات وێنەی هەڵوێستیش ڕوونو ئاشکرا نەبێو ئەو قۆناغە شی بۆ نەبڕێ . . تەنانەت هەڵوێستەکە وا دەرەنگ دەکەوێ کە وێنەی قفڵو قۆناغی «جێدەست» پێشی دەکەن . ئەوەتا قفڵ لە چیرۆکەکە دەداو دەڵێ : «هەموو شتێ گۆڕا . . وەك گۆڕانی سروشتێك . . دوای هەر ڕەشەبایەکی شێت .» کەچی بەدوای ئەم وێنەی قفڵەدا دەڵێ : «چ ڕۆژێکەو دەبێ بێ . . کە هەموو کەلاوەکان بێن بە کۆشك . . ئەگینا هەموو کۆشکەکان دەبنە کەلاوە .» ئاشکرایە کە تا چ ڕادەیەك ئەم هەڵوێستە ڕەمزی‌یەو لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر زیاتر لێی ورد بینەوە دەبینین چەکەرەکردنەوەو سەوزبوونەوەی پرۆژە کوژراوەکەیەتی . . تۆڵەسەندن ! ئەم جارەیان مەودایەکی چینایەتیو فراوانتری دەداتێ بەڵام بە ڕەمز . . نەك بە بەدیهێنان . . لەڕاستیدا کاکە شێرزاد لە تێکەڵکردنو پاشوپێشخستنی ئەم دوو قۆناغەو وێنە هونەری‌یەکانیاندا جۆرە یاری‌کردنێکی سەیری لەگەڵ ئاسۆی چیرۆکەکەدا کردووە . . بە هەردوو وێنەی قفڵو هەڵوێست . . بەشداری لە نەخشاندنی ئاسۆی چیرۆکەکەدا دەکەن : لەویاندا . ڕەشەبایەکی شێت هەموو شتێکی گۆڕیوەو لەمیشاندا : « ئەگینا هەموو کۆشکەکان دەبنە کەلاوە !»

### ٣ – چیرۆکی «گرێ» :

«شەو درەنگە بۆ ناخەوی . ؟» «نەك مەنیجی مامان . . هەرچی فریشتەی خێروشەڕ هەیە لە ئاسمانەوە هاوار بکەن . . تۆ ناخەوی . . چەند حەز دەکەی گوێت لە یەکەم زریکەی بێ . . زریکەیەك ماڵەکە وەك پەڕەی کاغەز بلەرێنێتەوە . .» تێدەگەین پاڵەوانی چیرۆکەکە بەتاسەوە بەهەموو ئاواتو خواستێکەوە چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵێك دەکات . . بەڵام لە سێهەمین دێڕی چیرۆکەکەوە هێمایەك بۆ ئەوە دەکات کە نرخوبایەخی ئەم منداڵە چاوڕێکراوە لەچی‌دایە : «بۆ نخەوی ئەمشەو منالێك . . خاوەن دوو چاوی زەقو زیندوو لەدایك دەبێ . . ئای لە بینایی ! !» کەواتە ئەو دوو چاوە . . ئەو بینایی‌یەی بە منداڵە چاوەڕێکراوەکەوەیە . . نهێنیو ڕازی ئەم ترسو خۆشیو چاوەڕێ‌کردن وبێدەنگیو دڵەڕاوکێ‌یەی پاڵەوانە نابیناکەمانە .

چیرۆکنووس وەکبڵێی تەواو خۆی لە تاقی‌کردنەوەکەدا تواندبێتەوە . بەوپەڕی وردەکاریو ڕاستگۆیی‌یەوە . بەهۆی وێنە هونەری‌یەکانەوە . پلە بە پلەو هەنگاو بە هەنگاو لە هەڵچوونو داچوونەکانی دەروونی کابرای کوێرەمان نزیك دەکاتەوە . . «وا هەست دەکەی . . ئەمشەو هەموو دایکیشی ببەن . . ئەمشەو دارو بەرد . . وێنەی سەر دیوار . . مەنیجی مامان . . ژنەکەت . . پشیلە ڕەشە . . بینە شەوارەو منالەکە بڕفێنن . . دەیبەن دوور دوور دەیبەن . .»

نابینایی پاڵەوانی چیرۆك بۆتە مایەی دوو غەمی گەورەو سامناك بۆی : هەموو زیانی لا بۆتە نهێنیو ترسو گومانێکی مۆتەکەییو زەبەلاح . . ئاخۆ چی لە دەورو بەرو دوورو نزیكو لەپاڵ خۆیدا ڕوو دەداتو ئەم لێی بێئاگایە ؟ «زوو گەورە دبێ . . هەر بەم دوو چاوە . . لەباتی تۆ . . دارو بەردو زەویو ئاسمانو ڕووناکیو تاریکی دەبینێ . .» «لەئێستاکەوە بیر دەکەیتەوە . . چۆن بێ بە سیخوڕی ئەم ژنە بێشەرمەو سڕو نهێنیەکانیت لە لا بدرکێنێ» غەمو بێبەشیو نائومێدیەکی تریش لەولاوە سواری سەری بووەو لێی نابێتەوە . . دەستبەرداری نابێ :

«– کە لەگەڵما ڕادەکشێی با چاویلکەکەت هەر لە چاو بێ . . کێمو لیکی دەمرشێننەوە !